# سەبارەت بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

## گفت و گۆلەگەل ریبوار ئەحمەد...... سازدانی شەمال عەلی

**ئۆکۆتۆبەر: زۆر باس لە زەرورەتەکانی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان کراوە. تۆ بە کورتی پیویستی ئەم حیزبە بۆ کۆمەلگای کوردستان و هەروەها بۆ چەپی ئەم کۆمەلگایە چۆن بەیان دەکەی؟**

ریبوار ئەحمەد: لە وەلامی ئەم پرسیارەدا دەکریت پەنجە بۆ زۆر فاکتۆرو لایەنی جۆراوجۆری سیاسیو کۆمەلایەتیو گیروگرفتی ئەم کۆمەلگایە رابکیشریت کە وەلامیان دەوێو ئەو وەلامانەش ئامرازیان دەوی، کە لە روانگەی منەوە ئامرازی کارساز بوونی حیزبیکی سیاسی بەهیزی کۆمۆنیستیو کارگەریە. بەلام هەروەکو ئیوەش داواتان کردوە ئەگەر بمەوی بە کورتی پیویستی ئەم حیزبە بۆ کۆمەلگای کوردستانو بۆ چەپی ئەم کۆمەلگایە بەیان بکەم، یان بە مانایەکی تر میحوەری سەرەکی ئەم زەرورەتە تعبیر بکەم بەم جۆرە باسی دەکەم:

بۆ کۆمەلگای کوردستان، لە هەر هاولاتیەکی سادەی ئەم کۆمەلگایە بپرسی، باسی ئەوە دەکات کە ئەم کۆمەلگایە نقومی کیشەو گرفتی گەورە گەورەی ئەوتۆیە کە ژیانی کۆمەلایەتیو رۆژانەی خەلکی لە مەنگەنەداوە، ئەگەر پیویست بوو دواتر لەسەر ئەو کیشەو گرفتانە دەرۆین. بەلام واقیعیەتی ئەم کۆمەلگایە بەرادەیەك دژوارو سەختە، کە بیزاریو نارەزایەتیەکی یەکجار گەورەو فراوانی کۆمەلایەتی پیکهیناوەو خەلك لە ئاستیکی یەکجار فراواندا خوازیاری ئالوگۆرو هەلگیرانەوەی وەزعی سیاسی ئیستان. ئەم خواستو پیویستی ئالوگۆرە ئەوەندە زەقو بەرجەستەیە کە تەنانەت ئەحزابی دەسەلاتدارو لایەنگرانی وەزعی ئیستاش ناتوانن ئینکاری لی بکەن. بەلام ئەوەی بە هەمان ئەندازە ئاشکراو بەرجەستەیە، ئەوەیە کە ئالوگۆرپیدانی ئەم وەزعەو وەلامی داخوازی خەلك لە بەرنامەو دەستوری هیچ یەك لەو بزووتنەوە سەرەکیانەی تری سەر ساحەی کوردستاندا بوونی نیە. ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی وەکو دوو بزووتنەوەی بەرەی راستی ئەم کۆمەلگایە کە دەورو نەخشی گەورەیان لەم کۆمەلگایە بووەو لە ماوەی 15 سالی رابردوودا ئیمتحانی خۆیان داوەو ممارسەی دەسەلاتیان کردوە، نیشانیانداوە کە دەسەلاتی ئەوانو کارکردی ئەوانو بەرنامەی ئەوانو خواستی ئەوانو خەونەکانی ئەوان، لەگەل ئاواتو ئارەزوەکانی خەلکدا هیچ تەباییو لیچونیکی نیە، بەلکو لەمەش زیاتر ناکۆکی قولو لە چارە نەهاتویان هەیە.

ئەمە بە هەموو شیوەیەك تاقی کرایەوەو لەوە زیاتر هیچ چاوەروانیەکیان لی ناکریت. تەنانەت لە دەمی زۆریك لە پروپاگەندەچیەکانی خۆیانەوە دان بەوەدا دەنریت کە خەلکیان فریوداوەو هەندیکیان پەشیمانی لەو فریوکاریانە دەردەبرن. ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرست هیشتا کە پایەکی شەریکی دەسەلاتەو پایەکی لە ئۆپۆزیسیوندایە، ناکۆکی کویرانەی خۆی لەگەل سەرەتاترین ئاواتو ئارەزوەکانی خەلك نیشانداوە. هەرچی ناسیونالیزمی کوردە کە لە 15 سالی رابردوودا خۆشباوەریەکی یەکجار گەورە بەرامبەری هەبوو، ئیستا ئیتر بە لوتکەی دەسەلاتو رەونەقی خۆی گەیشتو بە کردەوەش نیشانیدا کە بزووتنەوەی لەژیرپینانی ئاواتو ئارەزوەکانی خەلكو هەراجکردنیانە لە پیناو مەرامەکانی خۆی، بزووتنەوەی لە گیژاوخستنی ئەم کۆمەلگایەیە. لیرە بەدواش بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد نەك هەر هیچ لوتکەیەکی بەرزتری رەونەقی نیە، بەلکو ئیتر دەورانی روو لە نشیویو قولبونەوەی تەنگوچەلەمەو گرفتە سیاسیو دەرونیەکانیتی. گریدراویان لەگەل ستراتیژی شکستخواردوی ئەمریکا، تەنگوچەلەمەکانیان زۆر قولتر دەکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە چ بە بەلگەی ماهیەتی تەجروبەکراوی ئەو بزووتنەوەیەو چ بە بەلگەی جیگاوریگای ئیستاو ئایندەی، بواری هیچ چاوەروانیو خۆشباوەریەك لەو بزووتنەوەیەو حیزبەکانی نەماوەتەوە.

بەلام جگە لەم دوو بزووتنەوەیە، ئەگەر خەلکی کۆمەلگا بەدوای بەدیلدا بگەریت، بزووتنەوەی سێیەم تەنها بزووتنەوەی کۆمۆنیستیە کە لە واقعی ئیستای ئەم کۆمەلگایەدا زەمینەو زەرورەتو موجودیەتی هەیەو دەکری دەوری بەدیلی رزگاری بەخش بگیریت. ئەم بزووتنەوەیە جگە لەوەی لە چوارچیوەی سیاسەتو بەرنامەی خۆیدا قولترینو رادیکالترین وەلامی بۆ کیشەو گرفتەکانی ئەم کۆمەلگایەو خواستەکای خەلك هەیە، لە هەمان کاتدا هەرچەندە تا ئیستا سەرکەوتنی بەدەست نەهیناوەو تەجروبەی 15 سالی رابردوی تا ئیستا تەجروبەیەکی سەرکەوتوو نەبووە، بەلام تا ئەو جیگایەی دەوری بە کردەوەی بوبیتو تا ئەو جیگایەی سەنگی بوبیت لە کۆمەلگادا، بزووتنەوەی بەرگری لە ئیرادەی خەلكو خواستو ویستو ئامانجەکانیان بووە، دەوری ئەم بزووتنەوەیەو حیزبەکەی بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ خەلکی ئەم کۆمەلگایە، بۆ بەرگری لە مافی کریکارانو جەماوەری زەحمەتکیش، بەرگری لە ژنانو مندالانو لاوان، بەرگری لە ئازادی... میژوویەکی پرشنگداری هەیە. وەزعی ئیستاو گرفتە گەورەکانی ئەم کۆمەلگایەو ویستی خەلك بۆ ئالوگۆری بنەرەتی، هەروەها تەجروبەو میژووی 15 سالی رابردوو، پیویستی ئەم کۆمەلگایە بە حیزبیکی کۆمۆنیستی کریکاری بەهیزو رزگاری بەخش بەرجەستە دەکەنەوە. هەلومەرجی کۆمەلگاش باوەشی بۆ کردوەتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەورە بگیرێ.

تا ئەو جیگایەی بە قوتبو بەرەی چەپی کۆمەلگاش دەگەریتەوە، زەرورەتەکەی زۆر بەرجەستە ترە، بە بروای من ئیستا پرسیاریکی بنەرەتی کە بەرامبەر چەپی کۆمەلگا دەبیتەوە، بریتیە نیە لەوەی ئیختلافە سیاسیو ئایدۆلۆژیو فکریەکانیان لەگەل یەك کامەیەو چۆنە، بەلکو ئەگەر عەینیو کۆمەلایەتیو سیاسی سەرنج بدەین، پرسیاری کۆمەلگا ئەوەیە کە چەپ دەیەوی چی بکاتو بە کویٚ بگات؟ چۆن دەیەوی عاملی تەغیری ئەم کۆمەلگایە بیت؟ ئایا بە موقعیەتی حاشیەیی ئیستایەوە دەتوانی چ دەوریك بگیرێ؟ تا کەی دەتوانی بە کۆمەلیك مەحفلو گروپی بچوك بچوك دریژە بە ژیانو هەلسورانی بی هودە بداتو تواناو عمری

جیلەکانی خۆی بە هەدەر بدات؟ ئیمە وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەو موقعیەتەی خۆمانەوە کە لەگەڵ موقعیەتی باقی چەپدا قابیلی بەراورد نیە، ئەم پرسیارانە سەرنجی راکیشاوینو بەو بروایە گەیشتوین دەبی کاریکی تر بکەین بۆ ئەوەی عاملی تەغیر بین. ئەم پرۆژەیە لە راستیدا دەتوانی ئاسۆیەکی تازەو رووناك بەرووی هەموو بەرەو قوتبی چەپدا بکاتەوە بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە. هەر کەسو گروپو مەحفەلو ریکخراویکی چەپ کە نەیەوی بە چنگو ددان وەکو قیروزفت خۆی بە حاشیەی کۆمەلگاوە بنوسینێ، ئەگەر بیری لای ئەوە هەبیت کە چۆن چەپو کۆمۆنیزم ببیت بە هیزو بەدیلی ئالوگۆربەخش، دەبی بی دوو دلیو بی راوەستان، بەرەوپیری ئەم پرۆژەیە بیتو بیکاتە ریگایەك هەم بۆ نەجاتی خۆیو هەم بۆ نەجاتی کۆمەلگا. بە تایبەت کە ئەم دەرگایە ئاوەلاکراوە.

**ئۆکۆتۆبەر: لە باسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا، ئەم باسە زۆر دەکرێت کە ئەم حزبە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق جیاوازەو لە هەندێك جێگا تەنانەت دەستەواژەی حزبی تازەو حزبی کۆن بەکار دەهێنرێت، بە بۆچوونی تۆ جیاوازیەکانی نێوان ئەو دوو حزبە چین، یان دروستتر بلێین دەبێ لە چیدا بن؟ هەندێك دەڵێن حزبی پێشوو توند ڕەو بووە ئەم حزبە نابێت وا بێت، لەم بارەوە نەزەرتان چیە؟**

ریبوار ئەحمەد/ حیزبی تازەو حیزبی کۆن ئەگەر تەنها دەستەواژەیەك بیت بۆ ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە 15 سالە لەمەوبەرەوە دروست بوەو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان تازە خەریکە دروست دەبیت، من کیشەیەکم لەگەلی نیە. ئەگەر مەبەستەکەش شتیکی دیکەیە دەبی رونبکریتەوە تا بکریت ئینسان رای خۆی لەسەر بلیت.

بەلام پیش ئەوەی لەسەر جیاوازیەك کە دەبی لە نیوان ئەم دوو حیزبەدا هەبیت قسە بکەم، پیویستە تەئکید لەسەر ئەوە بکەین کە ئەم دوو حیزبە وەکو دوو حیزبی یەك بزووتنەوەو یەك نەریتی کۆمۆنیستی لە رووی خەصلەتە بنەرەتیو بنەما فکریو سیاسیو تیئۆریەکانیانەوە بە تەواوی وەکو یەکن، دوو حیزبی مارکسیستی ماکزیمالیستو حیکمەتیستن. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان کە بریارە پیکبیت، خۆی لە پیشدا پرۆژەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەو بەشی زۆری پیداویستیە سیاسیو ئینسانیو عەمەلیەکانی لەلایەن ئەو حیزبەوە دابینکراوە. بۆیە بەشی زۆری فەزلەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەو.

لە هەمانکاتدا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بە زۆر بەلگە نابی کۆپیەك بیت لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقو نابی بە هەمان ئەو مەسیرەدا بروات کە ئەو حیزبە پییدا تیپەریوە. لە پیشدا جیاوازیەکەی لە ئاستیکی گشتیدا دەگەریتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسیو کۆمەلایەتیو میژوویەی کە ئەم حیزبە تازەیە تیایدا هەلدەسوریو دەیەوی بیگۆری. بەلام بە جیا لەمەش، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە زۆر دەورانو ریگای پیچاوپچدا تیپەری، لە رۆژی دروستبونیەوە گەلیك ئالوگۆری بەسەر هاتوەو هیشتاش هەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پیویستی بە ئالوگۆری زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ببیت بە حیزبیکی سیاسیو جەماوەری کاریگەر، لە رۆژی دروستبونیەوەی بەپیی پیشینیەکی بزووتنەوەی چەپ لە عیراقو کوردستاندا، گەلیك سوننەتی دەستوپیگیر ریشەی بەهیزی لەم حیزبەدا هەبووەو تا ئیستاش هەرماوە، کە ریگری بەردەم پیکهاتنی ئەو ئالوگۆرانەن. سەرباری ئەمانە تەجروبەی 15 سال هەلسورانو هۆیەکانی سەرنەکەوتنی تەجروبەی کۆمۆنیزمی کریکاری تاوەکو ئیستا، گەلیك هەلەو کەمو کوریو خالی لاواز دەخەنە بەرچاو کە خودی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق رەخنەی لیگرتوون، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە دەبی لە هەموو ئەوانە دەرس وەرگیریت. هەلبەت ئەوانەی کە باسکرا بۆ کەسانیك رەنگە بەلگەی دانانی عەلامەی پرسیاربیت لەسەر خودی کۆمۆنیزمی کریکاری. بەلام لە راستیدا هیچ راستیەك لەو تیروانینەدا نیە، بە بروای من عاملیکی ئەصلی ئەو تەجروبە سەرنەکەوتوەو ئەو خالە لاوازو کەمو کوریانە، دروست دەگەریتەوە بۆ ئەوەی حیزبەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەم لە عیراقو هەم لە ئیران بە دروستی لەسەر سکەی کۆمۆنیزمی کریکاری حەرەکەتیان نەکردوە. منصور حکمت وەکو رابەری سیاسیو موفەکری هاوچەرخی ئەم بزووتنەوەیە، هەمیشە سەرنجی هەردوو حیزبی بۆ ئەمە راکیشاوەو دواجاریش ئەمەی زۆر بە رۆشنی لە پلینۆمی 14ی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیراندا باسکردوە. بۆیە بەبروای من لایەنیکی گرنگ لە جیاوازی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان لەگەل ئەحزابی پیشوی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە بتوانی مەحکەم لەسەر خەتیك کە منصور حکمت رەسمی کردوە، لە هەموو روویەکی سیاسیو فکریو پراتیکو سوننەتەکانی کارەوە، بگیرسیتەوەو فاصلەیەکی گەورە لەگەل نەریتە دەستو پیگیرەکانی چەپی سوننەتی بگریت.

دەکریت بە هینانەوەی چەند نمونەیەك مەبەستەکەمان زیاتر روونبکەینەوە سەبارەت بەو جیاوازیە پیویستو ئیجابیەی کە پیویستە حیزبی کوردستان لەگەل حیزبی عیراق بیبیت. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق هەر لە رۆژی دروستبونیەوە نوقمی سوننەتی مەحفلیستی بوو، ئەمە زەربەی زۆری لیداو توانای بەهەردەرداو ریگای گەورەبوونو پیشرەوی لیگرتو بەبروای من یەکیکیش بوو لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی، لە هەمانکاتدا ناکۆکیەکی زەقی ئەم رەوتەش بوو لەگەل سوننەتە سیاسیو کۆمەلایەتیو حیزبیەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری. حیزبی کوردستان ئەگەر بیەوی دەرس لەو تەجروبەیە وەرگریت، دەبی هەر لە رۆژی ئەوەلەوە هیچ بوارو هیلانەیەك بۆ مەحفلیزم نەهیلیتەوە، ئەمەش هەر بە جەنگیکی یەکلایەنە لە دژی مەحفەلیزم ناکریت، بەلکو پیداگریو کارکردن بە سوننەتەکانی تەحزوبی کۆمۆنیستیو کارکردن بە ووینەی حیزبیکی سیاسی کراوەو شەفاف، کە بە توندی پابەندی حیزبیەتی کۆمۆنیستیە، حیزبیك کە فراوانترین بوار بۆ بوونو دەربرینی بیرورای سیاسی جیاواز ئاوەلا دەکات، سیاسەتەکانی خۆی بە شیوەی بەلگەنامەی رۆشن پەسەند دەکات، لە مەیدانی هەلسورانی سیاسیو کۆمەلایەتیشدا وەکو پەیکەرەیەکی یەکگرتوو ئیرادەو وەحدەت عەمەلیکی گەورە لە خۆی نیشاندەدات. ئەم حیزبە دەبی لە رۆژی یەکەمەوە بە مانای ووشە حیزبیکی سیاسیو شەفافو صریح بیت، بە قانونی حیزبی سیاسی ژیانی ناو خۆو هەلسورانی کۆمەلایەتی خۆی ریکبخات. نە دلنەواییو مجامەلەو دلراگرتنو نە سنگ تەسکی لەبەرامبەر بوونو دەربرینی بیرورای جیاوازدا، لەگەل سوننەتی تەحزوبی سیاسیو کۆمۆنیستیدا نایەنەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان به دەرس وەرگرتن لە تەجروبەی 15 سالی رابردوو، دەبی هەر لە رۆژی ئەوەلەوە بە ووینەی حیزبیکی سیاسی خوازیاری دەسەلات پیبنیتەمەیدانو تصویریکی رۆشنی هەبیت بۆ سیناریۆی گەیشتن بە دەسەلات. بە کردەوە ئەو جهەتگیریە لە خۆی بەرجەستە بکات، کە کۆمۆنیزم بەبی بە دەست هینانی دەسەلات ناتوانی عاملی ئالوگۆربیت، دەسەلاتیش بەبی بونی تصویریکی رۆشن بۆ چونیەتی گەیشتن بە دەسەلات، بەدەست نایەت. ئەوە مەسەلەیەکی حەیاتیە کە حیزبی تازە ئەو باوەرە بەرجەستەو پیرەو بکات کە کۆمۆنیزم مەحکومە بەوەی یان دەبی سەرکەوی یان شکستی دەدەن. هیچ کاتیش بۆ ئەمە مجالیکی کراوەو دیاری نەکراوی لەبەردەم نیە. کۆمۆنیزم وەکو بزووتنەوە کۆمەلایەتیە هاوچەرخەکانی تر ناتوانیو بواری ئەوەی پینادەن کە بۆ دریژماوە هەلسورانی قانونیو نیمچە قانونی بکات، تەئکید دەکەم هۆی ئەمە لە پیشدا ئەوە نیە کە کۆمۆنیزمی خۆی ئەمەی دەوی یان نا، بەلکو بورژوازی مەجالی ئەمەی پینادات.

یەکیك لە خەسلەتە بەرجەستەکانی رابردوی حیزبی عیراق ئیستاشی لەگەل بیت، شیوەکاری ئاکسیونیستی بوو. مەبەستم لە ئاکسیونیزم کردن یان نەکردنی ئاکسیون نیە. حیزبی عیراق گەلیك ئاکسیونی گەورەو سەرکەوتوو و درەخشانی بووە، ئەگەر حیزبی کوردستانیش بتوانی بۆ نمونە ئاکسیونە ئایاریەکانو ئەوانەی دیکەی حیزبی عیراق دووبارە بکاتەوە، دەبیتە یەکیك لە عاملەکانی گەورەبوونو بەهیزبوونی. بەلام شتیك کە دەبی فاصلەیەکی زۆری لەگەل بگریت، ئەو سوننەتی ئاکسیونستیەیە کە حیزبی عیراق غەرقی بوو. مەبەستم لە ئاکسیونیزم لە هەموو بوارو مەیدانیکدایە. تەنانەت لە بورای تەبلیغاتیو ریکخراوەییو دەخالەت لە خەباتی جەماوەریو ئەوزاعی سیاسیو.... هتد، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، لە جیاتی شیوەکاریك کە بتوانی رۆژانە ریشەی لە کۆمەلگادا دابکوتێو بەهیزو مەحکەمی بکاتو رۆژ بەرۆژ تواناییەکی لە شکان نەهاتووی پیبدات، زیاتر شیوەکارەکەی بریتی بوو لە هەلخراندنیکی کاتیو بی مایەو بی رەگو ریشە. حیزبی کوردستان دەبی هەر لە رۆژی ئەوەلەوە بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن خۆی لەگەل گرفتو کیشە ئەصلیەکانی کۆمەلگادا هەلپیکیو بە ووینەی بەدیلو وەلامی عەمەلی ئەو گرفتانە لە مەیدانی کیشمەکیشی سیاسیدا دەرکەویت، رابەرانی حیزب بە ووینە رابەرانی کۆمەلگاو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان جیگای خۆیان پەیدا بکەن، دەبی ریزیکی مەحکەم لە کادری مارکسیستیو بەرچاورۆشن زامنی خەصلەتە بنەرەتیەکانی ئەم حیزبە بن. حیزبی عیراق لە ماوەی 15 سالی هەلسورانی خۆیدا زیاتر حیزبیکی موبەلیغو ئیفشاگەرو گروپی فشاربوو، لە کاتیکدا بە قەولی منصور حکمت حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری دەبی حیزبیکی سازماندەو رابەرو ئالوگۆربەخش بیت. من ئەگەر بمەوی لەم روانگەیەوە سەرنجی هەموو بوارو مەیدانەکان بدەم، باسەکە زۆر دریژ دەبیتەوە، بۆیە بەکورتی دەلیم لە زۆر بوارو مەیدانی ئەصلیدا، جگە لەوانەی کە باسم کرد، لە بواری مامەلە لەگەل ریکخراوە پیشەییو غەیرە حیزبیەکان، لە بواری مامەلە لەگەل ئەحزابی سیاسیو هەلومەرجی سیاسی کۆمەلگا، لە بواری تاکیتیکیو شیوەکار...هتد. من تەئکید دەکەم لەوەی کە لە روانگەی کۆمۆنیزمی منصور حکمتو حکمتیزمەوە، میژووی 15 سالی رابردوی حیزبی عیراق جیگای پیداچونەوەو هەلسەنگاندنی رەخنەگرانەیە، بەم مانایەش لە روانگەی منەوە ئەمە دەبی بە راوەستانی زیاترو مەحکەمتر لەسەر حکمتیزم ئەنجامبگیریتو ئەمە بە مەرجیکی سەرەکی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم دەزانم. پیچەوانەی ئەمەش دەبیتە چەند بارەکردنەوەی میژوی دورودریژی چەپی سوننەتیو هامشی، کە میژوویەکی دورودریژە لە حاشیەی کۆمەلگاو کیشمەکیشو رووداوە گەورەکاندا قەراری گرتوە بەبی ئەوەی هیچ کاریگەریەکی بووبی. قورسایی ئەم سونەتانە لەسەر حیزبی عیراقیش دەوری سەرەکی بوو لەسەر نەکەوتنی تا ئیستای ئەم تەجروبەیە. لە کاتیکدا کۆمۆنیزمی کریکاری تاقە رەوتیکی مارکسیستیەیە کە هەم ماکزیمالیستو هەم توانیویتی هیز لە خۆی نیشانبداتو لە چەندین رووداوی گرنگدا دەخالەتی کاریگەر بکاتو ببیتە لایەکی کیشمەکیشی کۆمەلایەتی.

دەربارەی ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق توندرەو بوەو نابی حیزبی کوردستان وابیت، من پیم وایە دەستەواژەیی "توندرەوی" دەستەواژەیەکی سەرلیشیوینەو رەوتە بورژوازیەکان لە بنەرەتدا بەرامبەر خالە بەهیزەکانی کۆمۆنیزمی کریکاریو رادیکالیزمی ئەم بزووتنەوەیە بەکاریان هیناوە. بۆیە ئەگەر مەبەست لەوە بیت کە ئەم حیزبە بە قولّی بەرگری لە ئازادی ئینسان کردوە لە هەموو قەیدو بەندیکی ئابوریو سیاسیو ئایدۆلۆژیو کۆمەلایەتیو هیچ پاساویکی دەربارەی ئەوە قبول نەکردوە کە ووتراوە نابیو جاریَ زوەو کاتی ئەمە نیە، ئەگەر مەبەست لەوە بیت کە حیزبی ئیمە ووتویەتی سوسیالیزم هەر ئیستاو هیچ پاساویکی قبول نەکردوە بۆ رۆژیك دواخستنی کاری راستەوخۆ بۆ بەرقەراری سۆسیالیزم، ئەگەر مەبەست لەوە بیت کە قسەی ئەخیری خۆی دەربارەی دینو کۆنەپەرستی دینی کردوە، ئەگەر مەبەست ئەوە بیت کە تەبایی لەگەل هیچ جۆرە مەیلو هەستیکی ناسیونالیستی نەبوەو ناسیونالیزمی بەشەرمەزاری زانیوە بۆ بەشەر، ئەگەر هیچ بەهانەیەکی بۆ هەلاواردنی جنسی نیوان ژنو پیاو قبول نەکردوەو جەختی لەسەر یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو کردوە، ئەگەر هیچ کات ئامادە نەبووە لەسەر بەرژەوەندی خەلكو ئوصولەکانی سازش بکات لە پیناو بەرژەوەندی تەسكو مەقتەعیدا،...ئەوە بەبروای من هەموو ئەمانە مایەی شانازیو خالی بەهیزی ئەم حیزبەن. بۆیە ئەگەر حیزبی کوردستان بە تەواوی پابەندی ئەمانە نەبیت و دەستیان لی شل بکات، بە مانای ئەوەیە دەست لە کۆمۆنیزمی مارکس شل دەکات.

بەلام ئەگەر توندرەوی بە مانای ئەوە بیت کە زۆر کات لە شیوەکارو پروپاگەندەو مامەلە لەگەل رووداوەکاندا، شیوەی غەیرە کۆمەلایەتیو ئاکسیونیستیو پروپاگەندەی توندو بی بەلگەو ئایدۆلۆژیگەریو ...کردبی، ئەوە بە بروای من دەقیق لە روانگەی حکمتیزمەوە ئەمانە دەبی رەخنە بکرین. ئەمانە ریشەیان دەچیتەوە سەر سونەتەکانی چەپی غەیرە کۆمەلایەتیو بەشیکە لەوەی لە پیشەوە ووتم دەبی فاصلەی لی بگیرین.

**ئۆکتۆبەر/ بەلام تۆ چۆن وەلامی ئەو بۆچونە دەدەیتەوە کە پێی وایە سەرنەکەوتنی تەجروبەی کۆمۆنیزمی کریکاری لە 15 سالی رابردوودا، بەلگەیەکە بۆ تجدید نەزەر لە کۆمۆنیزمی کریکاری، یان گەیشتن بەو ئەنجامەی کە ئەو "توندرەوی"یەی باسی دەکریت مایەی سەرنەکەوتنی ئەم تەجروبەیە بووەو تەعدیل بکریت شانسی سەرکەوتنی زیاتر دەبیت؟**

ریبوار ئەحمەد/ وەلامی بۆچونیکی وا دەکەویتە سەر ئەوەی ناوەرۆكو بەلگە تیئوریەکانی چیەو چ رەخنەیەك ئاراستەی کۆمۆنیزمی کریکاری دەکات. بەلام ئەگەر بنەمای ئەم بۆچونە تەجوربەی 15 سالی رابردوو بیتو لیرەوە بگات بەوەی کە ئەگەر کۆمۆنیزمی کریکاری رادیکالیزمەکەی بریك کالتر بکاتەوە دەرفەتی گەشەو سەرکەوتنی زیاتر دەبیت، منیش دەتوانم هەر بە نیشاندانی تەجروبەی عەمەلی زۆر فراوانتر نادروستی ئەم بۆچونە نیشانبدەم. هەر لەم پانزە سالەدا لە عیراقو لە ئیرانیش لەلایەن رەوتو دەستەو گروپی ترەوە کە پیشتر لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاری بوون، ئەم تجدید نەزەرە چەندین جار رویانداوە، بەلام ئەگەر تەجروبەی کۆمۆنیزمی کریکاری تا ئیستا سەرکەوتنی بەدەست نەهینابیت، ئەوە تەجروبەی ئەوانەی تجدید نەزەریان کردو خۆیان معتدیلکردەوە، هەر بە تەواوی پوکایەوە. ئەگەر کۆمۆنیزمی کریکاری سەرباری سەرنەکەوتنی تا ئیستای هیشتا وەکو بەهیزترین بەدیلی کۆمۆنیستی لە ناوچەکە سەنگی خۆی هەیەو فرسەتی سەرکەوتن لەبەردەمیدا بە کراوەیی ماوەتەوە، ئەوە ئەوانەی تجدید نەزەریان کردو خۆیان معتدیلکردەوە، هیچ سەنگو هیچ ئاسۆیەك بۆ داهاتوش لەبەردەمیان نیە. ئەمە لە ئاستی دنیاشدا هەروایە، لە دەیان سالی رابردوودا سەدان رەوتی چەپو بە ناو کۆمۆنیست ئەمەیان تەجروبە کردوەو بە کردەوەش دەرکەوتوە کە ئەو تیروانینە جگە لەوەی غیرە مارکسیستیو غەیرە کریکاریە، لە هەمان کاتدا شکستخواردوە. بە بروای من ئەگەر وەکو تەجریبی چاوی لیبکەین، لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە کۆمۆنیزمی کریکاری تاقە رەوتیکە کە حەقانیەتی خۆی سەلماندوە.

لە راستیدا ئیمە وەکو رەوتیکی مارکسیستی کە فەلسەفەی بوونی خۆمان بە ئالوگۆری وەزعی موجود داناوە، ناتوانین دلی خۆمان بە کەمتر خۆش بکەین، هەر بۆیە گەلیك دەسکەوتی گەورەمان هەبوە تا ئیستا، بەلام سەرباری ئەوە خۆمان هەمیشە بە چاویکی رەخنەگرانەوە چاو لە رابردوی خۆمان دەکەینو بە هیچ جۆریك بەوە رازی نابین کە کردومانەو قولترین رەخنە لە ئیمە ئەو رەخنەیە کە خۆمان دەیگرین، بەلام ئەگەر قسە بیتە سەر تەجروبەو بەراوردی رەوتە چەپو کۆمۆنیستیەکانی چەند دەیەی رابردوو چ لە ناوچەکەو چ لە جیهاندا، بەبی دودلی دەلیم کۆمۆنیزمی کریکاری تاقە رەوتیکی مارکسیستیە کە جگە لە حەقانیەتە تیئوریەکەی، بە کردەوەش توانیبیتی کۆمۆنیزم وەکو هیزیکی کۆمەلایەتی نیشانبداتو بچیتە کیشمەکیشی سیاسیو کۆمەلایەتی لەگەل بزووتنەوەکانی ترو لە هەندیك مەقتەعدا تا مەرکەزی جدال لەسەر چارەنوسی کۆمەلگا بڕواتە پیشەوەو سەنگەری وەها لیبدات کە رەوتە چەپەکانی تری ئەم سەردەمە نەیانتوانیوە کاری وا بکەن. ئیمە بەمە رازی نین، بەلام رەوتە چەپەکانی تر بە بەراورد لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاری یەکجار لە دواوەن، بە جۆریك کە قابلی بەراورد نیە. بۆیە ئەگەر تەجروبە بەلگە بیت، ئەوە بە بروای من تەجروبە نیشانیداوە کە راوەستان لەسەر خەتی کۆمۆنیزمی کریکاری حەقانیەتی هەیە.

**ئۆکۆتۆبەر: دەڵێن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەبێت حزبی ئاڵوگۆڕ پێدانی کۆمەڵگا بێت. بە کورتیو وەکو چوارچیوەیەکی گشتی تۆ چۆن ستراتیجی ئەم حزبە بۆ ئەم ئالوگۆرپیدانە تەوزیح دەدەی ؟**

ریبوار ئەحمەد/ بە بروای من ئەمە مەسەلەیەکی سەرەکیو مهمە بۆ ئەم حیزبە، هەلبەت ئەوەی من لیرە باسی بکەم بریتیە لە بۆچونی تایبەتی خۆم لەم بارەیەوە. من پیم وایە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان، وەکو حیزبیکی مارکسیست کە باوەری وایە هەر ئیستاو بی درەنگ دامەزراندنی کۆمەلگایەکی سۆسیالیستیو ئازاد، هەم زەمینەو هەم زەرورەتی هەیەو هیچ پیشمەرجو دواخستنیك هەلناگریت، دەبی بە نەخشەیەکی رۆشنەوە هەولدات بۆ سازدانو هینانە مەیدانی هیزی بەشەری پیویست بۆ تەحقیقی ئەم ئامانجە. وەکو منصور حکمت دەلی سۆسیالیزم تەنها لەسەر هاتنەمەیدانی هیزی بەشەری پیویست بۆ بەرپاکردنی راوەستاوە. فەلسەفەی حیزب دروست کردنیش لەوەدایە کە بتوانی ئەو هیزە بەشەریە بۆ ئەم کارە بهینیتەمەیدان.

بەلام ئەم هیزە بە پروپاگەندەو تەوزیحدانی باشی سۆسیالیزمو بەرنامەی دنیایەکی باشتر نە دیتە مەیدانو نە دەجولی، بەلکو گریخواردنی حیزب لەگەل گرفتە سەرەکیەکانی ئیستای کۆمەلگاو دەوری بەکردەوەی لە وەلامدانەوە بەو گرفتانەو سازدانو رابەریکردنی خەلك لەو پیناوەدا، رەوتی واقعی هینانەمەیدانی هیزی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشە بۆ بەرپاکردنی سۆسیالیزم بەرابەری حیزب.

بۆ ئەم مەبەستە دەبی حیزبی کوردستان وەکو هەر حیزبیکی سیاسی خوازیاری دەسەلات، هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی ئیستای کوردستانو گرفتەکانو بزووتنەوەو جموجۆشەکانی بناسیتەوەو لە پەیوەند بەوانەوە ستراتیژو سیناریۆی خۆی بۆ گەیشتن بەدەسەلاتو پیکهینانی ئالوگۆر رەسم بکات. دەبی ئەوە تەشخیصبدات کە لە ریگای وەلامدانەوە بە کام گرفتی کۆمەلایەتیەوە دەتوانی ببی بەدیلی رزگاری بەخشی کۆمەلگاو بەم جۆرەش کۆمەلگا بیتە ژیربالیەوە بۆ سەرخستنو گەیاندنی بەدەسەلات.

بە کورتی گرفتەکانی ئیستای کۆمەلگای کوردستان لەوەدا خولاسە دەبنەوە کە کۆمەلگایەکە لە گیژاویکیدا راگیراوەو ئیستاو ئایندەی رۆشن نیە، وەکو هەر کۆمەلگایەکی نۆرمالی تر خاوەن دەولەتو هیچ سیستەمیکی سیاسی مەدەنی دیاریکراوو نیە بۆ ریکسختنی ژیانی مەدەنی خەلك. ئەم کۆمەلگایە لەلایەن دەسەلاتیکی میلیشاییەوە بەریوەدەبریتو گریدراوە بە کۆمەلگایەکەوە کە نوقمی جەنگو داگیرکاریو تیرۆریزمو کارەساتی ئینسانیە. لە سایەی ئەم دەسەلاتە میلیشیایەدا کۆمەلگا نوقمی هەژاریو بیدەرەتانیو گەندەلیو بێمافیە. لە سایەی ئەم وەزعیەتەدا دانیشتوانەکەی بەدەست نەبونی سەرەتاییترین پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانەو خزمەتگوزاریەکانەوە گرفتاربوون.

ریگا چارەیی ریشەیی دەرهینانی کۆمەلگای کوردستان لەم گیژاوەو ئاکامە سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەکانی، بریتیە لە دامەزراندنی دەولەتو بەرپاکردنی سیستەمیکی سیاسی ئەوتۆ کە بتوانی بە شیوەیەکی هاوچەرخ ژیانی مەدەنی ئەم کۆمەلگایە ریکبخات. ئەمەش لە ریگای جیابونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆوە مەیسەر دەبیت. شیوەی گونجاو بۆ ئەم مەبەستەش بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی ئازادو گشتیە لە هەموو ناوچەو شارو شارۆچکە کوردنشینەکان، بۆ ئەوەی هاولاتیان بریار لەسەر چارەنوسی سیاسی ئەم کۆمەلگایە بدەن. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان دەبی ئامرازی ریکخستنو رابەری کردنی بزووتنەوەیەکی هەمەگیری کۆمەلایەتی بیت، بۆ جیاکردنەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەولەتو سیستەمیکی سیاسی مودیرنو ئازادو سکولاری غەیرە قەومی پشتبەستو بە ئیرادەی راستەوخۆی خەلك.

هەر ئیستا شەپۆلیك لە جموجۆشو بزووتنەوەو نارەزایەتی جەماوەری فراوان لە ئاستی کۆمەلگادا بەرامبەر وەزعیەتی ئیستا هەیە، بزووتنەوەی دژی گەندەلیو نەبونی خزمەتگوزاریەکان، نارەزایەتی بەرین دژی دەسەلاتی میلیشیایی، بزووتنەوەی نارەزایەتی کریکارانو ژنانو لاوان دژی هەژاریو بی مافی ئابوریو هەلاواردن، بزووتنەوەی بەرگری لە ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان دەبی حیزبی ریکخستنو رابەری کردنی ئەم بزووتنەوانە بیت هەم بۆ بەدەستهینانی خواستە فەوریەکانو باشتر کردنی ژیانی ئیستاو، هەم بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە لە بزووتنەوەیەکی هەمەگیری کۆمەلایەتیدا بەرەو دەرهنیانی کوردستان لە گیژاوی ئیستاو دامەزراندنی دەولەتو سیستەمیکی سیاسی ئازادو پشتبەستو بە ئیرادەی خەلك، رابەری بکات. لە هەمان کاتدا ئەمە دەتوانی پرۆسەی گەیشتنی حیزب بیت بە دەسەلاتی  لە پەیوەند بە پیویستیەکی بەرجەستەی کۆمەلایەتیەوە. ئەمەش مەرجی سەرەکی پیادەکردنی بەرنامەی دنیایەکی باشترە.